## وەزارەتی بازرگانی

### ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی٢٠٠٩
### مۆڵەتی کارکردن بۆ بریکارنامەی بازرگانی

پاڵپشت بە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەیبازرگانی ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ و یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان و پەسندکراو لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە(٣٦)ی ساڵی٢٠٠٧ مۆڵەتی کارکردنی بریکارنامەی بازرگانی بەپێ ی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە دەبێت :

**مـاددەی(١):**

ئەگەر دواکار کەسێکی سروشتی (طبيعي) بێت ،پێویستە داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان بکات بەسەرجەم بەلگەنامە هاوپێچ کراوەکانی خوارە و بۆمەبەستی بەدەست هێنانی مۆلەتی کاری بریکارنامەی بازرگانی :

١. ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی (اصلی – کۆپی کراو) .
٢. ناسنامەی ژووری بازرگانی .
٣. دەست بەسەراگرتنی ناوی بازرگانی لە ژووری بازرگانی هەرێم .
٤. بەڵگەنامەی خاوەنداریێتی موڵك یان گرێبەستی بەکرێ دانی نووسینگەی بازرگانی پەسەند کراو .
٥. تیانووس بۆ تۆمارکردنی عمولاتی بریکاری بازرگانی .
٦. شوێنی نیشتەجێ بوون .
٧. گرێبەستی بریکاری بازرگانی کۆمپانیایەکی بیانی کە پەسەندکراو بێت لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا جێ بەجێ بکرێت لەبەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکە .
٨. بەڵێن نامەی کاتب عدل ئەم زانیاریانەی تێدابێت :

أ. نابێت فەرمانبەربێت لەهیچ دائیرەیەکی حکومی یان کارپێ سپێردراوبێت لە وەزیفەی گشتی .

ب. بە هیچ سزایەکی تایبەت بە ئابرو بردن تاوانبار نەکرابێت .

ت. ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی لەو پلەیەن یاخود مووچەی هاوشێوەی وان وەردەگرن ، وە سەرۆك و بەڕێوەبەرەکانی دەزگا و فەرمانگە و نووسینگەکانی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران وەسەرۆکایەتی هەرێم وە پلە تایبەتیەکان بۆیان نیە کاری بریکارێتی بازرگانی بکەن تەنها دوای تەواو بوونی ساڵێك لەبەر پرسیارێتی یان تەواو بوونی پەیوەندی فەرمانبەرێتی بە پێ ی خواستی ئەوسات .

ج. دەبێت ئەو کەسە تەنها خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت .

٩. توانای دارایی کەمتر نەبێت لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دیناری عێراقی .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**مـاددەی (٢) :**

ئەگەر پێشکەشکار کۆمپانیا بێت پێویستەجگەلەبڕگەکانی (٣، ٤، ٥، ٧) لە ماددەی یەکەم لەو ڕێنماییە دەبێت هەلگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و گشت سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە خاوەندارێتی تەنها عێراقی بێت، لەگەڵ پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە کە پەسەند کراوبێت:

١. بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا .
٢. گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا .
٣. کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی تایبەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا .
٤. ژمێریاری کۆتایی بۆ ساڵی دارایی وە ڕاپۆرتی چاودێری ژمێریاری .
٥. پێویستە بنکەی سەرەکی کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان بێت .
٦. سەرمایەی کۆمپانیا نابێت کەمتر بێت لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دیناری عێراقی .

**مـاددەی (٣):**

لەسەر بریکاری بازرگانی پێویستە :

١. پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی کاری بریکارێتی بازرگانی بە شێوەیەکی فەرمی .
٢. پێشکەش کردنی داواکاری بۆ تازەکردنەوەی مۆڵەتی کاری بریکارنامەی بازرگانی هەموو دووساڵ جارێك لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ پێش کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکە هەرچەندە مۆڵەتەکەی کاتی مابێت بە پێ ی ئەو ڕێسایەی کە لە فەرمانگەی ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ) دیاری دەکرێت .
٣. پێشکەش کردنی داواکاری بۆ فەرمانگە بۆ تۆمارکردنی هەموو ئەو بریکارە بازرگانیانەی کە کەسی سروشتی یا کۆمپانیا یان لایەنی بیانین کە نوێنەرن لە هەرێمی کوردستان وە پەسەندکراو بێت بە پێ ی مادەی (٩) لە یاسای ڕێکخستنی بریکارێتی بازرگانی وە ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی بەرپرس لە هەموو گۆڕانکاریەکان لە بریکاریەکەدا وە پشتگیری کۆمپانیا کە پەسەند کراو بێت .
٤. پێویستە لەسەر بریکاری بازرگانی پابەند بێت بە بڕگەی چوارەم لەماددەی (٤) لە یاسای ڕێکخستنی بریکارێتی بازرگانی ژمارە (٥١) ساڵی (٢٠٠٠) .

**مـاددەی (٤):**

پێویستە لەسەر بریکاری بازرگانی ڕێپیدراو بە ڕێکخستنی تیانوسێك بۆ مەبەستی تۆمارکردنی (عمولاتی تایبەت بەخۆی) بە پێ ی پێویستی کارە بازرگانیەکە وە ئەم زانیاریانەی خوارەوەی تیادا بێت :

١. ژمارە و بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتی بریکارنامە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٢. ناوی کۆمپانیای برێگرتە (موکل) .

٣. بڕی پوختەی عمولە .

٤. ڕێژەی عمولە .

٥. ژمارەو بەرواری (إعتماد) .

٦. عمولەی وەرگیراو وە وەرنەگیراو .

٧. ژمارە و بەرواری (لاشعار مصرفی) .

٨. ناو – ناونیشان – ئیمزا .

**مـــاددەی (٥):**

پێویستە بریکاری بازرگانی دەرخستەی عمولاتی حساباتی ئەنجام دراو بە دوو وێنە (وەرگیراو – وەرنەگیراو) ئامادەبکات لەگەڵ پشتگیری بانك پێشکەشی فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی دەکات لە ماوەی (٦٠) ڕۆژدا لە سەرەتای هەر ساڵێکدا بەپێ ی ئەحکامەکانی بەندی (٣) لە مادەی (١٠) لە یاساکە .

**مـــاددەی (٦):**

لەکاتی جێبە جێ نەکردنی یەکێك لە مادەکانی (٤ وە ٧) لەیاساکە مۆڵەتەکەی کاری پێ ناکرێت .

**مـــاددەی (٧):**

یەکەم:هەر کۆمپانیایەکی عەربی و بیانی کە ئارەزووی هەڵبژاردنی بریکاری بازرگانی بوو لەهەرێمی کوردستان، پێویستە داواکـــاری پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکات وە پێویستە (بڕوانامەی دامەزراندنی پەسەندکراو – گرێبەستی دامەزراندنی پەسەندکراو) هاوپێچی داواکاریەکەی بێت وە ئەم زانیاریانەی تێدابێت :

أ. ناوی کۆمپانیا – ناونیشانی تەواوی – ڕەگەزنامەی .

ب. تایبەتمەندی کۆمپانیا لەگەڵ دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە عقدی لەگەڵدا کردووە.

ت. ناوی بەڕێوەبەری ڕێپیدراوی کۆمپانیا .

دووەم: پێویستە لەسەر تۆمارکاری کۆمپانیا ئاگاداری ئەو کۆمپانیایانە بکات کە ئاماژەیان پێکراوە لە بڕگەی یەکەم لەم مادەیە بە ناوی بریکارە بازرگانیەکان کە مۆڵەتیان دراوەتێ بۆ ئیش کردن لە بواری بریکاری بازرگانی بەپێ ی یاسا بەمەبەستی هەڵبژاردنیان وەك بریکاری بازرگانی بۆ نوێنەرایەتی لە عێراق .

**مـــاددەی (٨):**

ئەم ڕێنماییانە جێ بە جێ دەکرێت لە بەرواری بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکی فەرمی .

**محمد رؤوف محمد**

**وەزیری بازرگانی**

٢١ / ٤ / ٢٠٠٩

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM